

ژوان سەعدی یاریزانی پاسکیلسواری یانەی برایەتی:

# هیوادارم وەک وڵاتانی دەرەوە ئاوڕێک لە پاسکیلسواری بدرێتەوە ببێتە کولتوور

**یانەی برایەتیی شاری هەولێر هەموو کات پێشەنگ بووە بۆ پێگەیاندنی کچە یاریزانانی کورد لە یارییە جۆراجۆرەکان، پاسکیلسوارییش یەکێکە لەو یارییانەی کە یانەکە گرنگیی باشی پێ دەدات و خاوەن چەندین کچە یاریزانن، کە پاشەڕۆژێکی باش چاوەڕوانیان دەکات، ژوان سەعدی یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یاریی پاسکیلسواری لە یانەکە و لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠١ی شاری هەولێرە، خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لە پاڵەوانێتییەکان لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و چەندین ئەنجامی بەرچاوی بەدەست هێناوە، ژوان قوتابیی پەیمانگای وەرزشیی هەولێرە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

***چۆن بوو کە ئەم یارییەتان هەڵبژارد؟**

- هەر لە سەرەتاوە زۆر ئارەزووی وەرزشکردنم هەبوو، چوونم بۆ ناو ئەم یارییە لە ڕێگای پەیمانگاکەمەوە بوو، کە بەشداریی پاڵەوانێتیی پاسکیلسواریم کرد، بەهۆی خۆشەویستیم بۆ ئەم یارییە بەردەوام بووم لێی.

***ئایا لە ئێستادا ئەم یارییە بۆتە کولتوور لای کۆمەڵگە، کە کچان ئەم وەرزشە ئەنجام بدەن؟**

-نەخێر بەداخەوە، تا ئێستا کچەکانمان ناتوانن ئەم وەرزشە ئەنجام بدەن لەبەر کۆمەڵگەکەمان، هیوادارم وەك وڵاتانی دەرەوە ئاوڕێك لە پاسکیلسواری بدرێتەوە و گرنگیی پێ بدرێت و ببێتە کولتوور.

***زۆر جار ئێوەی کچان گلەیی ئەوە دەکەن کە لە شەقامەکان توانجتان لێ دەدرێ، هێشتا ئەم دیاردەیە بەردەوامە؟**

-وەك توانج نەخێر، بە کەمی ئەم جۆرە شتە ڕوودەدات، بەڵام کاتێك ئێمە لە شەقام ڕاهێنان دەکەین، خەڵك زۆر سەیرمان دەکەن و لایان شتێکی نامۆیە.

*** یاریی پاسکیلسواری لە کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟**

- پاسکیلسواری تا ئێستا وەکو یارییەکانی دیکە ئاستێکی زۆر بەرچاوی نییە، ئەمەش بەهۆی کەمتەرخەمی و گرنگیی پێنەدانە بە یارییەکە.

***وەك کچە وەرزشکارێك گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

**-پێش هەموو شتێك پێویستە ڕێگایەکی تایبەت هەبێت، چونکە بەڕاستی لەو ڕێگایانەی ئێمە** ڕاهێنانی لێ دەکەین، بەهۆی قەرەباڵغی شەقامەکانەوە مەترسی لەسەر یاریزان هەیە.

***چی بکرێ بۆ ئەوەی ئاستی پاسکیلسواری بچێتە قۆناغێکی باشتر؟**

- سەرەتا پاسکیل ببێتە کولتوور و شتێکی ئاسایی لە ناو کۆمەڵگەکەماندا، دواتر بتوانین زیاتر ئەم وەرزشەیان پێ بناسێنین.

***پەیامتان چییە بۆ بەرپرسانی وەرزشی لەم یارییە؟**

-داوا دەکەین وەکو یارییەکانی دیکە گرنگی بەم یارییەش بدەن.

*** وەکو کچە وەرزشکارێکی کورد هیوا و ئاواتت چییە؟**

-هیوادارم وەك وڵاتانی دەرەوە ئاوڕێك لە پاسکیلسواری بدرێتەوە و گرنگیی پێ بدرێت.

*** لە هیچ یانەکەیەك داوکاریت پێشکەش کراوە بۆ یاریکردن؟**

- نەخێر.

***گرفتەکانتان لە یانەکەتاندا زیاتر لە چیدا خۆی دەبینێتەوە؟**

- لە ڕووی داراییەوە گرفتمان زۆرە.

***لە بارەی چاکسازیی وەرزشییەوە پەیامت چییە؟**

- حەز دەکەم گەنجەکانمان زیاتر ئاشنابن بە وەرزش، نەك هەر پاسکیل هەموو جۆرە وەرزشێك، وە هیوادارم هیچ دایك و باوکێك نەبێتە ڕێگر لە وەرزشکردنی منداڵەکانیان، بەتایبەت کچان.

***لەکۆتاییدا چیت هەیە وەك دوا پەیام؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەرکردنەوەی یاریزانان، زۆر سوپاس بۆ ڕاهێنەری یانەکەم کە لەگەڵماندا زۆر ماندوو دەبێت.

# گرووپێکی پاسکیلسواری لە هەڵەبجەی شەهید
# وەرزشیی پاسکیلسواری کردۆتە کەلتوور

ماوەی ساڵێکە گرووپێك هەڵساون بە دروست کردنی تیپێکی پاسکیلسواری لە پارێزگای هەڵەبجەی شەهید ئامانجی ئەم گرووپە زیاتر بە کلتوورکردنی یاری پاسکیلسواری و خزمەت کردنی ژینگە و دابین کردنی تەندروستییەکی باشە بۆ یاریزانانی، ئەم گرووپە لە کۆمەڵێك گەنج پێکهاتووە، پرۆژە و بەرنامەی داهاتوویان ئەوەیە ئەم گرووپە بەفراوان بکەن و خزمەتی زیاتری چینی گەنج و لاوانی شارەکەیان بکەن و لێخورینی پاسکیلسواریش لە شارەکەیان بکەنە کلتوور لە پێناو دابین کردنی ژینگەیەکی پاك و تەندروست بۆ هاونشتیمانیان لە شارەکە، ئەم گرووپە زیاتر بە شێوەی خۆبەخشی کاردەکەن و کۆمەڵێك کوڕ و کچی شارەکە بە یەکەوە ئامانجی گەورەیان هەیە لەم بوارە و دەیانەوێ پەرە بەم بە کلتوورکردنە بدەن و بە هەموو شارەکەی بڵاویکەنەوە، گۆڤاری گوڵانیش- ڕاپۆرتێکی لەم بارەیەوە ئامادەکردوە.

ڕاپۆرتی: کارزان کانەبی



**شۆخ رزگار دامەزرێنەری ئەو گروپە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:** ئامانج لە دامەزراندنی ئەم گرووپە بە کلتوورکردنی پاسکیل سوارییە لە پێناو تەندروستییەکی باشتر و ژینگەیەکی پاکتر، وەك دەزانین پاسکیل تاکە ئامێری گواستنەوەیە کە هیچ ماددەیەکی دەرهاوێشتەی نییە وەکو ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسکیل، هەروەها لە رووی تەندروستییەوە پاسکیلسواری کۆمەڵێ سوودی هەیە لەوانە یارمەتی دابەزینی کێش و بەهێزبوونی ماسوولکەکانی قاچ و تەواوی جەستە دەدات، وە لە رووی دەروونییەوە هەستێکی پۆزەتیڤ هەیە بە مرۆڤ دەبەخشێت و مێشك ئارام دەکاتەوە، ئامانجێکی ترمان ئەوەیە کە وەك هەموو شارەکانی تر یاریزانمان هەبێ لەم وەرزشە، لە بارەی پاڵپشتیەکانیش شۆخ گوتیشی: هەریەك لە کاك کەنعان جێگری سەرۆکی یەکێتی پاسکیلسواری کوردستان و کاك دانا سالار لە گروپی شاخەوانی لە سلێمانی هەمیشە پاڵپشت و هاوکاری بەردەوامانن،لە بارەی داوا کردنی یانەکانیش بۆ یاری کردن لە یاریزانانی ئەم گروپە شۆخ گوتیشی: یانەی نەورۆز لە سلێمانی داوایان لێمکردووە ببم بە یاریزانی یانەکەیان، بەڵام لە بەر خوێندنم تەواو نەکردوە نەمتوانیوە بڕیاری بوون بە یاریزان بدەم لەگەڵ ئەو یانەیە، جگە لەوەش لە پارێزگای هەڵەبجەی شەهیدم قورسە هاتوچۆکردن، گوتیشی: «ماوەی ساڵێکە دامەزراوین ١٥یاریزانی کوڕ و ٥کچین ئامانجمانە هانی کچانی شارەکەمان بدەین بۆ هاتنەناوە ئەم وەرزشە لە بەر ئەم هۆیەش ئێمە هەڵدەستین بە فێرکاری خانمان بۆ ئەم یارییە ئەوانەی ئارەزووی ئەم یارییەیان هەیە، گروپەکەمان گروپێکی سەربەخۆ و بێلایەنە لەگەڵ هەر رێکخراو و لایەن کاری هاوبەشمان ئەنجام داوە بە دەر لە چالاکی چوونەدەرەوە و فێرکاری خانمان وەك ئامانجی گروپمان چالاکی ژینگە پارێزی و تەندروستی و وەرزشیمان ئەنجامداوە، پەرە بە کارەکانمان دەدەین لە داهاتوودا. وەکو گروپیش بەشداری زۆر پاڵەوانیەتی و چالاکیمان کردووە..»

**شیلان مستەفایش یەکێك لە بەشداربووانی ئەم گروپەیە ئەویش لە بارەی بەشداری کردن لەم گروپە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:** ئامانجمان وەکو یاریزان بەکلتورکردنی پاسکیل سوارییە و لێخورینی پاسکیلە بەمەبەستی ژینگەیەکی پاك و تەندروست، بەم هیوام بەردەوام بم، پێم خۆشە زیاتر وەکو گروپ بەشداربم نەك وەکو یاریزان، بەڵام ئارەزووی من ئەوەیە لەم گروپە بەردەوام بم و بەشداری چالاکییەکان بکەم بەهیچ شێوەیەك هەوڵم نەداوە بەشداری پاڵەوانیەتی بکەم و بەهیوای ئەوەم ژینگەیەکی پاك و تەندروستیەکی باش بۆ هەموو یەك.

**پێشواز نزاریش یەکێك لە بەشداربووانی گروپەکەیە ئەویش لە بارەی هاتنی بۆ ئەم گروپە بۆ گوڵان بەم شێوەیە قسەی خۆی کرد و گوتی»** ئامانجی من لە بەشداری کردن لەم گروپە چێژبەخشینە بە یانی خۆم ئەمەوێ هەموو شوێنێ بگەڕێم و سەرکەوم بەسەر هەموو لوتکەی شاخێك و گەڕان بە هەموو دۆڵێکدا، جگە لەوە هەستەی کە بە خێرایی دێتە خوارەوە بە خێراییەکی زۆر بە سەر خۆڵدا لەگەڵ ئەو دەنگە قوڵ و گڕەی لە تایەکانەوە دێت، لەم کاتەدا هەموو دونیات لە بیر دەچێتەوە تەنیا چێژ لە ئازادی خۆت دەبینی، ئامانجیشم ئەوەیە لەگەڵ گەورە بوون بەشداری هەموو پێشبڕکێ و ئۆلۆمپیاتێك بکەین دەمەوێ لە هەمووی یەکەم بم، بەڵام ئێمە وەکو درەخت گەورە دەبین هەر لە شوێنی خۆمان گەورە دەبین هەر بە ناوی هەڵەبجە بەڵام پێویستمان بە کات و ئاوە.**میلاد مودریك یەکێك لە بەشداربوانی گروپەکەیە ئەویش بۆ گۆڵان گوتی»**«ئامانجم بە کلتورکردنی پاسکیلسواری و گرنگیدانە بەم وەرزشە لە پێناو تەندروستییەکی باش و ژینگەیەکی پاك و خاوێنە، بەرەوپێشبردنی شارەکەم لە بواری وەرزش، من وەك خودی خۆم بەشداری هیچ پاڵەوانیەتیەك ناکەم و تەنیا لە چوارچێوەی ئەم گروپە بەشداری چالاکیەکان دەکەم هەمیشە هاوکاری هەڤاڵەکانم دەبم لە بەشداری کردن لە هەر پێشبڕکێیەك، چونکە بە هێز و بەتوانان هەمیشە یەکەمینن»>



# رۆناڵدۆ نهێنییەک دەربارەی خێزانەکەی ئاشکرا دەکات

کریستیانۆ رۆناڵدۆ، ئەستێرەی پۆرتوگالیی یانەی یوڤێنتوسی ئیتاڵی، بێجگە لەوەی یەکێکە لە باشترین یاریزانانی مێژووی تۆپی پێ، لە دەرەوەی یاریگەکانیش نموونەیەکی بەرزی تێکوشان و قوربانیدانە لەپێناو پێگەیاندنی خۆی و یارمەتیدانی ئەندامانی خێزانەکەی.

هەر کاتێک کریستیانۆ رۆناڵدۆ ئاستێکی بەرز پێشکەشبکات، جارێکی دیکە دەزگاکانی راگەیاندن بەدوای نهێنییەکانی ژیانیدا دەگەڕێن و باس لەو کۆشش و قوربانییانە دەکەن کە رۆناڵدۆ بەردەوام داویەتی بۆ گەیشتن بەو سەرکەوتنانە.

جارێکی دیکە راگەیاندنەکان بایەخیان بە قوربانیدانەکانی رۆناڵدۆ دایەوە و ئەمجارە بەسەرهاتێکی باوک و براکەی کریسیان ورووژاندەوە.

ئەو سەرچاوانە باس لەوە دەکەن، کە لە پێشوودا رۆناڵدۆ دوو درێسی تایبەتی بە دیاری پێشکەشی باوک و براکەی کردووە، بەڵام ئەوان لەبەرئەوەی ئاڵوودەبوونە بە مەیخواردنەوە، ناچاربوونە ئەو دوو درێسەی کریس بفرۆشن بۆ ئەوەی بەو پارەیە مەی بکڕن.

بەپێی ئەو سەرچاوانە، ئەو رووداوە زۆر کاریگەری بەسەر رۆناڵدۆوە هەبووە، بۆیە بڕیاریداوە بە هەر نرخێک بێت براکەی لە ئاڵوودەبوون بە مەی رزگاربکات و سەرکەوتووش بوو، تەنانەت ئێستا ئەو برایەی کردووەتە بەڕێوەبەری مۆزەخانەکەی لە مادێرا.

هەر لەبەر ئەوەشە کە رۆناڵدۆ هەرگیز مەی ناخواتەوە، تەنانەت رێنمایی هاوڕێکانیشی دەکات کە لە خواردنەوەی مەی و خواردنەوە کحولییەکان دووربکەونەوە.



# پۆگبا نزیکە لە ریاڵ مەدرید

ماریۆ سنولی بازرگانی ئیتاڵی و بەڕێوەبەری کارەکانی یاریزانان، کە زۆر نزیکە لە مینۆ رایۆلای بەڕێوەبەری کارەکانی پۆگبا ئاشکرای دەکات، کە پۆگبا دەچێتە ریال مەدرید.

لە ماوەکانی رابردوو رایۆلا راشکاوانە بە رۆژنامەی تۆتوسپۆرتی ئیتاڵیای راگەیاند، کە پێویستە پۆگبا لە مانچستەر یۆنایتد بڕوات، گوتیشی: سەردەمی پۆگبا لەگەڵ مان یۆنایتد بەرەو کۆتایی دەچێت و پێویستە لە کۆتایی ئەم وەرزە ئەزموونێکی دیکە تاقی بکاتەوە، چونکە پۆگبا پێویستی بە ژینگەیەکی دیکەی نوێ و کەشوهەوایەکی دیکەی جیاواز هەیە.

میدیاکانی ئیتاڵیا لە ماوەکانی رابردوو دەنگۆی گەڕانەوەی پۆگبایان بۆ یوڤێنتۆس بڵاوکردەوە، لە لایەکی دیکەیشەوە میدیاکانی ئیسپانیا ئاماژەیان بۆ ئەوە کردبوو، کە فلۆرێنتینۆ پێرێز و زینەدین زیدان زۆر بە پۆگبا سەرسامن و پەیوەندیشیان لەگەڵ رایۆلا زۆر بەهێزە.

لە لایەکی دیکەیشەوە ماریۆ سینۆلی بەڕێوەبەری کارەکانی یاریزانان، کە هاوکات هاوڕێی نزیکی رایۆلا لە لێدوانێکدا بۆ پێگەی (لو١٠ سپۆرت)ی فەرەنسا دەڵێت: هەرگیز بڕواناکەم لە گواستنەوەی زستانە پۆگبا بچێتە یوڤێنتۆس، بەڵکو بڕوای تەواوم هەیە کە پۆگبا لە کۆتایی ئەم وەرزە پەیوەندی بە ریال مەدرید دەکات.

ماریۆ سینولی دەشڵێت: رایۆی هاوڕێم پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ بەرپرسانی مەدرید هەیە، لە ئێستادا لەبیری پرۆسەی گواستنەوەی ئەو یاریزانەیە بۆ ریال مەدرید، بەڵام بژاردەی یەکەم رەنگە بەشێوازی ئاڵوگۆڕی یاریزانان بێت، چونکە بەشێك لە یاریزانەکانی ریال مەدرید لە لایەن مانچستەر یۆنایتدەوە گرینگی پێدەدرێت.









# لیڤەرپووڵ ڕێز لە ئاینەکان دەگرێت

یانەی لیڤەرپوول بێجگە لەوەی لە ڕووی ئاستی یاریکردنەوە یەکێکە لە باشترین یانەکانی جیهان، لە ڕووی مامەڵەکردن بەشێوەیەکی پیشەگەرانەشەوە پێشەنگە.

جۆردان هێندرسۆن، کاپتنی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی نهێنییەکی ژووری جلگۆڕینی یانەکەیان ئاشکرادەکات، کە پەیوەندی بە ئاهەنگگێڕانی کۆتایی وەرزی ڕابردووی خولی نایابی ئینگلیزی هەیە.

لە وەرزی ڕابردوودا کاتێک لیڤەرپوول نازناوی خولی نایابی ئینگلیزی بردەوە یاریزانەکانی لە ژووری جلگۆڕیندا ئاهەنگیان گێڕا و وادەرکەوت، کە یاریزانەکان مەی و خواردنەوە کحولییەکانیان لە ئاهەنگەکەدا بەکارهێناوە، بەڵام هێندرسۆن دەڵێت:ئەوە خواردنەوە کحولییەکان نەبوون.

کاپتنی لیڤەرپوول زیاتر لەو بارەیەوە دەڵێت: کارگێڕیی یانەکە و یاریزانان لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون، کە وەک ڕێزێک بۆ هەردوو یاریزانی موسڵمان، محەممەد سەلاح و سادیۆ مانێ مەی و خواردنەوە کحولییەکان لە ئاهەنگەکەدا بەکارنەهێنن.

جۆردان هێندرسۆن، دووپاتیدەکاتەوە، کە هەرگیز لەنێو ژووری جلگۆڕینی لیڤەرپوولدا جیاوازی ئایین نەبووەتە هۆکاری ئەوەی ڕۆژێک کێشەیەک دروست ببێت و دەڵێت نازانم بۆچی ئەو شتانە لە هەندێک شوێن کێشە دروست دەکەن.



# کچانی دووکان ئەنجامی گەورەیان دەوێ

تیپی فوتساڵی یانەی وەرزشیی دووکان ئەم وەرزە چاوی لەوەیە جارێکی دی تیپەکەیان سەربخەنەوە بۆ خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان، کچانی تیپەکەش بە سەرپەرشتیی راهێنەری یانەکە (تەنیا ئەحمەد) ئامادەکاریی پێویستیان کردووە بۆ بەشداریکردن لە خولەکە و چاویان لەوەیە ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنن و، رکابەریی سەرجەم یانەکانی بەشداربووی خولەکە بکەن بۆ ئەوەی بتوانن پلێتێکی سەرکەوتن بۆ خولی نایابی کوردستان دەستەبەر بکەن، لەم بارەشەوە تەنیا ئەحمەد راهێنەری تیپی فوتساڵی کچانی دووکان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم وەرزە ئامادەکاریی زۆر باشمان کردووە بۆ بەشداریکردن لە یارییەکانی خولی فوتساڵی پلە یەکی یانەکانی کوردستان، هەرکاتێك خولەکە دەست پێ بکات، ئێمە ئامادەین بۆ بەشداریکردن»،
گوتیشی: «یانەی دووکان ئەم وەرزە جیاواز لە ساڵانی رابردوو هەموو پشتگیری و پشتوانییەکی کچانی کردووە بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامی شایستە لە خولەکە بەدەست بهێنن، ئیدارەی شارەکەشمان سەرجەم پێداویستییەکانی بۆ دابین کردووین، لە ئێستاشدا ئێمە چاوەڕوانی دەستپێکی خولەکەین و بۆ ئەمساڵیش پشتمان بە یاریزانانی خۆمان بەستووە و، ماوەیەکی زۆریشە ئەم یاریزانانە لای خۆمانن و دەمانەوێ بەم یاریزانانە ئاست و ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنین». لە بارەی گرفتەکانی یانەکەشیان گوتی: « کێشەی سەرەکیی ئێمە تەنیا نەبوونی هۆڵێکی داخراوی وەرزشییە بۆ تیپەکەمان»، سەبارەت بە هێنانی یاریزانی تازەش لە تیپەکانی دیکە تەنیا ئەحمەد گوتی: «هیچ یاریزانێکمان نەهێناوە و ئەمساڵ تەنیا پشت بە یاریزانانی دووکان دەبەستین و دەمانەوێ بەم کچە گەنجانە ئەنجامی دڵخۆشکەر بۆ شارەکەمان بەدەست بهێنین.»

# شێروانە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە دەدات




# هەولێر پشت بە یاریزانی کورد دەبەستێ

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر بەشدار لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی ئەم وەرزە بە پێکهاتەیەکی تەواو جیاواز بەشداری لە یارییەکانی ئەم وەرزەی خولی نایابی عێراقی کردووە، دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشیی هەولێر لە سەردەستی راهێنەری کرواتی (گاسنین) یەکە مەشقییەکانی ئەنجام دەدات و، دەیانەوێ زیاتر گرنگی بە دروستکردن و بەرەوپێشبردنی ئاستی یاریزانانی کورد بدرێ، لە زۆربەی یارییەکانی ئەم وەرزەی خولەکەش یانەکە لە پێکهاتەی سەرەکی زیاتر یاریزانانی کورد دەبینرێن، یانەکەش دەیەوێت تیپەکە زیاتر پشت بە تواناکانی یاریزانانی کوردستان ببەستێت، لەم بارەشەوە کاوە ئیبراهیم راهێنەری گۆڵپارێزەکانی یانەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەکو دەستەی راهێنەران زیاتر پشت بە یاریزانانی کورد دەبەستین لە تیپەکە لەگەڵ چەند یاریزانێکی پیشەگەر و ئەو شوێنانەی کە بۆشاییمان هەیە، بەم یاریزانە پیشەگەرانە پڕی دەکەینەوە، پێویستە جەماوەری یانەکەشمان پشتگیریمان بکەن و، بڕوایان بە توانای یاریزانی کورد هەبێت.» لە بارەی پشتبەستن بە گۆڵپارێزی کوردیش کاوە ئیبراهیم گوتی: «ئێمە پشت بە گۆڵپارێزی کورد دەبەستین، جگە لەوەش چاومان لە هەموو گۆڵپارێزانی یانەکانی کوردستانە، بەتایبەتیش یانەی وەرزشیی هەولێر، ئەو گۆڵپارێزانەی خۆمان هەتا ئەوان ئاستی بەرز پێشکەش بکەن، پشتی خۆمان بە تەواوی بە گۆڵپارێزی کورد دەبەستین و ئەوان زیاتر بە دڵسۆزی یاری دەکەن و، دڵسۆزی یانەکانی خۆیانن.» سەبارەت بە دۆزینەوەی گۆڵپارێزی کوردی تازەش کاوە گوتی: «ئێمە ئێستا لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان چاودێریی گۆڵپارێزەکان دەکەین، چونکە یانەی هەولێر پێی دەڵێن (یانەی دایك) و بۆ هەمووانە و هەموو ئەو گۆڵپارێزانەی کە ئاستیان بەرزە یانەی وەرزشیی هەولێر لە باوەشیان دەگرێ و هیوادارین بتوانین پەرە بە ئاستی ئەوان بدەین بۆ داهاتوو و بە شێوازی باشتر ئامادەیان بکەین و ببنە ئەستێرە لە خولەکانی عێراق و کوردستان».



یانەی هەولێر و زاخۆ ئەمساڵ لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی نوێنەری یانەکانی کوردستانن و شان بە شانی یانە گەورەکانی عێراق کێبڕکێی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە دەکەن.

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی شێروانە ئەمساڵ ئامادەکاریی پێویستی کردوە بۆ بەشداریکردن لە یارییەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، تیپەکەش ئەم وەرزە چاوی لە بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەیە لە خولەکە و دەیانەوێ وەکو نوێنەری یانەکانی گەرمیان و کەلار، ئاست و ئەنجامی گەورە دەستەبەر بکات لە خولە گەورەکەی کوردستان، خولەکەش ئێستا لە سەرەتایە و تیپەکان رکابەریی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە دەکەن، بۆ ئەوەی خۆیان بگەیەنە قۆناغەکانی داهاتوو،



لەم بارەشەوە سەردار مەجید راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی شێروانە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ ئامادەکارییەکانمان زۆر باش بووە و نزیکەی چل رۆژ پێش دەستپێکردنی وەرزی نوێی خولی نایابی کوردستان دەستمان بە ئامادەکاری و مەشق و راهێنان کردووە»، گوتیشی: «گرێبەستی من وەکو راهێنەر لەگەڵ یانەکە ئەمساڵ لە سەر دوو خاڵ بووە، مانەوەمان لە خولی نایابی کوردستان و پێگەیاندنی کۆمەڵێ یاریزانی لاو بۆ یانەکە، بەڵام ئێمە وەکو ستافی راهێنەران هیوامان زیاترە و هەوڵ دەدەین یەکێك بین لەو سێ یانەیە کە سەربکەوین لەم قۆناغە»، لە بارەی هێنانی یاریزانانی دەرەوەش سەردار مەجید گوتی: «هیچ یاریزانێکی دەرەوەی قەزای کەلارمان نەهێناوە و سەرجەم یاریزانەکان خەڵکی کەلارن»، گوتیشی: «پێکهاتەکەمان جیاوازە ئەمساڵ لە ساڵانی پێشوو، یاریزانانمان پێکهاتوون لە کۆمەڵێك یاریزانی ئەزموونداد لەگەڵ کۆمەڵێ یاریزانی لاو، ئەمساڵیش کەمترین گرێبەستمان داوە بە یاریزانان لە چاو ساڵانی پێشوو»، لە بارەی گرفتەکانیشبان سەردار مەجید گوتی: «هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە و سوپاس بۆخوای گەورە ئامانجی گەورەمان دەبێ لەم وەرزە، لە یەکەم یاریی خولەکەش کوڕانی شێروانە سەرکەوتنێکی گەورەیان بە دەستهێنا لە سەر یاریگای خۆیان .»